نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هـــەواڵنامـــەی یونـــامی

دەنـــگی نێـــردە

هەواڵنامە　　ژمارە سی و یەك　　ئاداری 2009

## یادکرنەوەی رۆژی جیهانی ژنان لە بەغدای پایتەخت




گرووپێکی مۆسیقی کە لە ژنی گەنج پێکهاتبوو بەشداری لە یادکردنەوەی ٨ی ئاداری کرد(گرتنی وێنە : علی عەبدولجەلیل )

**نوسینی : رەندە جەمال**

بە مەستی یادکردنەوەی رۆژی جیهانی ژنان و ستایشی دەسکەوتەکانی ژنانی عیراق، چەند چالاکییەك لە مانگی ئادار ئەنجام دران. یەکێك لەو دوو چالاکییانە لە لایەن وەزیری دەرەوە هوشیار زێباری رێکخرابوو نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستورا ئامادە بوو. ئەم یادکردنەوەش لە ١٠ی ئاداری ٢٠٠٩ لە ناو وەزارەتی دەرەوە دا بەڕێوەچوو کە تێیدا چەند وتەیەك پێشکەش کران کە دەربڕی پێزانین بوون بۆ ئەو ژنانەی لە وەزارەتی دەرەوە کار دەکەن. چالاکیەکی تر کە لە لایەن جێگری سەرەك کۆمار تاریق هاشمییەوە رێکخرابوو ٨ی ئاداری ٢٠٠٩لە ئوتێلی رەشید لە بەغداد لە دا بەرێوەچوو کە تێیدا پێکهاتەیەکی فراوان لە ژنانی عیراق لە سە ر دە سکەوتە کانیان لە بوارەکانی ئابووری و زانست و رۆژنامەوانی و رامیاری و هونەر و یاسا و کشتوکاڵ ستایش کران.

دی مستورا کەوتە بەراووردکردنی عیراق بەو وڵاتانەی کە ئابووری و پێوەری کۆمەڵایەتییان لە رێی سوودوەرگرتن لە تواناکانی ژنانەوە شان بە شانی پیاوان گەشەیپێدا و باسی ئەو هەنگاوانەشی کرد کە بۆ باشکردنی باری ژنان لە عیراق نراوون. بۆ نموونە لە ٨٥٪ی ژنانی عیراق ئێستا گە یشتوونە تە خوێندنی باڵا و دەتوانن هەڵی بەشداریکردن لە کۆمەڵگادا بۆ خۆیان بدۆزنە وە . بۆیە ئە و دانی بە بە شداربوونە کانی ژنانی ئامادە بوودا هێنا سەبارەت بەو فێربوونەی بەدەستیان هێناوە و ئەو دەورەش کە دەیبینن لە کۆمەڵگادا. ئەو تێبینی ئەوەشی کرد کە سەرەرای هەندێك لەو نیگەرانیانەی ئەوان هەیانە سەبارەت بە رێژەی بریارلە سە ردراوی ژنان لە ئە نجومە نی پارێزگاکاندا، بەڵام هێشتاش رێژەکە هەر باشە چونکە ژنان ئێستا لە و ئاستە ن کە بتوانن گرنگییەکی تایبەت بە بەرژەوەندییەکانیان بدەن لە کۆمەڵگاکانیاندا.

بەهەرحاڵ، ئەو نوێنەرە بەرێزە جەختی کردەوە لەسەر پێویستبوونی سەرژمێرییەك بۆ زانینی ژمارەی ژنان لە عیراق کە پێشبینی دەکرێت زۆر لە ئی پیاوان زیاتر بێت. ئەو لەسەری رۆیشت و وتی کە ژمارەی بێوەژنان بە ٢ ملیۆن مەزەندە دەکرێت و ئەوەشی راگەیاند کە "ژنان رێژە ی ٥٧-٥٨٪ ی دانیشتوان پێك دە هێنن و رێژەی ئەو پیاوانەی بەراستی لە کاردان لە عیراق لە ١٧٪ تێپەر ناکات." ئەو جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە "ئەمە شتێکە کە پێویستە باش بکرێت چونکە وادیارە سە رمایە ی توانای مرۆیی بە باشی بەکارنەهێنراوە و سوودی لێ نەبینراوە."

ئەو نوێنەرەی نەتەوە یەکگرتووەکان هیوای ئەوەشی خواست کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەوری گرنگ ببینێ لە پاڵپشتی کردنی ژنان لە عیراقدا لە رێی یارمەتیدان لەسەر جێبەجێ کردنی یاسایە کی کاریگە ر کە بتوانێ خانەنشینییەکی گونجاو بۆ بێوەژنان دەستەبەر بکات و یاسای واش کارا بکات کە ژنان لە توندوتیژی بپارێزێت . ئەو پێشنیاری ئەوەی

## پێرست

یادکرنەوەی رۆژی جیهانی ژنان لە بەغدای پایتەخت ...1
رۆژی جیهانیی ژنان و رەوشی ژنان لە عیراق .......... 2
بۆیەکەمجار: رووپێوێك لەسەر تەندروستی هۆشەکی عیراقی بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧.................................. 2
چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی تیمی بەرێوەبردن لە UNDPی عیراق خاتوو سیلڤیا فلێچەر .................... 4
یاریدەدەری سکرتێری گشتی خاتوو کـاترین بـراگ سەردانی عیراق دەکات ........................................ 4
نمایشـی بەخشینی میدال بە کەتیبەی پیادەی یەکەمی فیجی ........................................................ 5
کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاهەنگی نەورۆز لە بارەگای هەولێری یونامی دەگێرن .......................... 6
چالاکییەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا.7



جەماوەر بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنان لە ئوتێلی رەشید ئاهەنگ دەگێڕن(گرتنی وێنە : عەلی عەبدولجەلیل )

کرد که یه‌ك یان دوو پارێزەر پەیامێکی گشتیی توند بنێرن کە توندوتیژی دژی ژنان ناکرێ ڕێگەی پێ بدرێت و بەڵکو پێویستە سزا بدرێت.

لە کۆتاییشدا، دی مستورا ئامادەیی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەربڕی لەسەر یارمەتیدان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی نیشتمانی لە پێناو پاراستنی مافی ژنان لە عیراقدا بە گشت چین و توێژەکانیانەوە.

هەروەها لە ڕۆژی جیهانی ژناندا، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق لێداوانێکی ڕۆژنامەوانی دەرکرد کە تێیدا سەرەرای باسکردنی پێشکەوتنەکان بیرخەرەوەیەکیشی خستەروو سەبارەت بەو دۆخە دژوارەی کە بەرۆکی ژنانی عیراقی گرتوە هەر لە توندوتیژی و جیاوازیکردن تا دەگاتە زۆری ژمارەی بێوەژنان. ■

## ڕۆژی جیهانیی ژنان و ڕەوشی ژنان لە عیراق

هەرچەندە ژنان لەسەر تاسەری جیهاندا لە چەند دەیەی رابردوودا بازی گەورەیان داوە سەبارەت بە بەشدارییان لە حکومەتەکان و نوێنەرایەتییان لە چەند کەرتێك بەڵام هێشتاش لە بوارەکانی تەندروستی و فێرکردن و چوونە ناو کارکردن هەر لە دوای پیاوەوەن. سەرەرای ئەوەش کە ژنان لە ٥١٪ی دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن کەچی لە سەرتاسەری جیهاندا تەنها لە ١٦٪ ی کورسییەکانی پەرلەمان و کۆنگرەکانیان بە دەستەوەیە و ڕێژەی نوێنەرایەتیشیان هەتا لە وڵاتانی پێشکەوتو و دیموکراتیشدا هەر نزمە.

بۆ زانینی ئەم پەراوێزخستنە و هەروەها بۆ ئاهەنگ گێڕان سەبارەت بە دەسکەوت و خەباتەکان لە پێناو یەکسانکردنی ژنان لەسەرتاسەری جیهاندا، ٨ی مانگی ئادار کراوەتە ڕۆژی جیهانی ژنان. ئەم ڕۆژەش لە سەرەتاکانی ساڵەکانی ١٩٠٠ەوە کە دەستنیشانکراوە کە قۆناغێك بوو پڕبوو لە ئاژاوە بە تایبەت لە وڵاتانی پیشەسازیدا. لەو کاتەوە، ڕۆژی جیهانی ژنان بوتە ڕۆژێکی جیهانی بۆ ناساندن و ئاهەنگ گێڕان و ئەوە چەند دەیەیەکیشە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکخستنی هەوڵە جیهانییەکان بۆ دابینکردنی مافەکانی ژنان و بەشداربوونیان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریدا ساڵانە کۆنفرانس گرێدەدا.

بەشێوەیەکی ڕوونتر ، ڕۆژی جیهان ژنان بریتی یە لە دەوری گرنگی ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا بە تایبەت ئەوانەی بەدەست نارەوایی و ستەم و شەرەوە دەناڵێنن وەك ژنانی عیراق. بۆ نموونە، لە ٣٠٪ی ژنانی عیراق تووشی توندوتیژیی بوون بە کوشتنی ناموسپارێزیشەوە.لە چاوپێکەوتنێکی "ئاڵتەرنێت" بە بۆنەی شەشەمین ساڵیادی داگیرکردن، پرۆفیسۆر نەجدە عەلی بە درێژی ئەم دژوارییەی باسکرد و وتی "ئێستا بە سەدان هەزار بێوەژن لە عیراقدا هەن بە شێوەیەك عیراق بوتە وڵاتی بێوەژنان." ئەو لە سەری ڕۆیشت و وتی "لە چەند ناوچەیەکی عیراقدا لە ٧٠٪ی ماڵەکان لە لایەن ژنانەوە بەڕێوە دەبرێن کە ناچار دەبن یان دەروزە یان کاری لەشفرۆشی بکەن و هەندێکیشیان لە سەر تەنها ١٠٠ دولار دەژین."

بەگوێرەی قسەکانی نەجدە عەلی و نیکۆلا پرات کە بە یەکەوە کتێبی " چ جۆرە ئازادکردنێك؟ ژنان و داگیرکردنی عیراق" یان داناوە، دۆخی ژنانی عیراق بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایە زۆرانەی کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریدا ڕوویانداوە بە شێوەیەکی بەرچاو دژوار بوە. عەلی و پرات بە تەوسەوە تێبینی ئەوەیان کرد کە " جاران ژنانی عیراق لە بوارەکانی فێرکردنی ژنان و بەشداریکردن لە هێزی کار و چالاکی سیاسیی لە ڕیزی هەرە پێشەوە بوون." بۆ نموونە ڕێکخراوەکان ژنان وەك یەکیەتی ئافرەتانی عیراق بۆ ماوەیەکی زۆر چارەسەری بابەتە قەدەغەکراوەکانی وەك لەشفرۆشی و تەڵاق و شوێنی کاکردن و ئاگالێبوونی یاسایی منداڵ و مافی کەلوپەلیان کردبوو. سەرەرای چالاکبوونی ژنانی عیراق لە شۆڕشی ١٩٢٠ەوە کە دژی داگیرکردنی ئینگلیزەکان بەرپابوو، بەڵام هێشتا ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بەردەوام دەستەوستان بووە لە ڕوومالکردنی دژوارییەکانی ژنان.

## بۆیەکەمجار: ڕووپێویێك لەسەر تەندروستی هۆشەکی عیراقی بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧



ڕاگەیاندن و نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرپرسانی عیراقی لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕووپێوی تەندروستی مێشك لە عیراقدا لە عیراقدا( ٢٠٠٦/٢٠٠٧) (گرتنی وێنە : عەلی عەبدولجەلیل )

**نوسینی : ڕەندە جەماڵ**

"ڕووپێوی تەندروستی هوشەکی (٢٠٠٦/٧)" بۆ یەکەمجار لە مێژووی تازەی عیراق لە سەر ٤٣٣٢ عیراقی (٢١٨٠ نێرینە و ٢١٥٢ مێینە) کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بوو و هەموو دانیشتوانی عیراقی بە هەموو کەرت و پارێزگایەکانیەوە ئەنجام درا. کارەکانی فیلد لە ناوڕاست و خوارووی عیراق لە نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ٢٠٠٦ ٦ هەفتەیان خایاند. سەبارەت بە پارێزگای ئەنباریش، کاری فیلد لە نێوان مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ ٧ هەفتەیان خایاند. لە کۆتاییشدا کاری فیلد لە هەرێمی کوردستان لە نێوان مانگەکانی شوبات و ئاداری ٢٠٠٧ ٦ هەفتەی خایاند. لێکۆڵینەوەکە لە ٧ی ئاداری ٢٠٠٩ لە لایەن وەزارەتەکانی تەندروستی و پلاندانانی عیراقییەوە بە هەولی هاوبەشانەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO) لە سەرتاسەری وڵات دەستی پێکرد.

بەگوێرەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، لە کۆی ٥.١٦٪ی ئەوانەی تووشی تێکچوونی هۆشیی بوون، تەنها لە ٢.٢٪ یان خزمەتی تەندروستییان هەبوو. مایەی سەرسوڕمانیشە کە خەمۆکی و تێکچوونی هەڵسوکەوت لە نێوان ژنان زیاترە وەك لە پیاوان. ئەندام پەرلەمانی عیراقی خاتوو سەمیرە ئەلموسەوی کە سەرۆکی "لێژنەی ژن و خێزان منداڵە" هیچ سەری سوڕنەما بە زیاتر بوونی ئەم نەخۆشییە لە نێوان ژناندا. ئەو وتی " ژنان لە دۆخی زۆر دژواردا ژیاوون چونکە هەر خۆیان هەڵگری قورسایی بەخێوکردنی خێزان و بەسەربردنی ژیانی کولەمەرگی و بەخێوکردنی منداڵ بوون لە کاتێکدا کە ڕێژەیەکی زۆریش بێوەژن لە عیراق هەیە."

خۆشبەختانە، ڕێژەی "تێکچوونی دوای ناخۆشی"




لۆگۆی راگەیاندنی رووپێوی تەندروستی مێشك لە عیراقدا( ٢٠٠٦/٢٠٠٧) كە لە دروستكردنی خاتوو رووبا حیكمەت (ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی )

٣.٦٪ بوو واتە كەمتر لە وەی پێشبینی دەكرا بۆ وڵاتێكی بەشەڕكاولبووی وەك عیراق و هەروەها هەتتا كەمتر لەو ڕێژەیەی لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەمریكا و بەڕازیل هەیە. نوێنەری ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) خاتوو نەعیمە ئەلقەسیریش ئەم ڕێژە نزمەی بۆ توانای هەستانەوەی فراوانی عیراقییەكان لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ ناخۆشی و توانایان لە بەرەوپێشبردنی ژیانیان گێڕایەوە. بە هەر حاڵ، ڕێژەیەكی زۆر لە نیشانەكانی نەخۆشی هۆشەكی وەك خەمۆكی و فۆبیای تەشەنەكردوو كرابوونە راپۆرت.

لە ڕاستیدا ڕێژەكانی تێكچوونی هۆش ڕەنگە زیاتر بن بەڵام هەر وەك وەزیری تەندروستی عیراقی سەلاح ئەلحەسناوی رایگەیاند" لە عیراقدا نیشانەیەكی زۆر هەیە لەسەر هەبوونی نەخۆشییە هۆشییەكان." ئەم نیشانانەش لەوانەیە ڕێ لە وەڵامدەران بگرن بۆ وڵامدانەوەی راستگۆیانە. سەبارەت بە لێكۆڵینەوەش لەم نیشانانە، ئەو وتی كە "ئێمە پێویستە بەرنامەیەكی هۆشیاری فراوان جێبەجێ بكەین بۆ كەمكردنەوەی ئەم نیشانانە و هەروەها هاندانی خەڵكیش لە سەر هاتنەپێشیان بۆ وەرگرتنی ئەو چارەسەرەی پێویستیانە." ئەو جەختیشی لەسەر ئەوە كردەوە كە چاككردنی تەندروستی هۆش لە ریزی هەرە پێشەوەی بواری تەندروستییە.

ئەو هەروەها جەختیشی لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر كردەوە لە پێناو باشتر تێگەیشتن لەو ستراتیژانەی كە عیراقییەكان لەسەر بەكارهێنانیان راهاتوون لە كاتی شەڕ و ناخۆشیدا بەڵام ئەوەشی بەگرنگ زانی كە "ئارامی بۆ هەموومان دابین بكرێت بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی و بێ ترس بژیەین."

سەرەڕای دانانی خزمەتەكانی نەخۆشی هۆش لە ریزی پێشەوەی كارەكان، رووپێوەكە وورد‌بینیشی لەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەكانی تێكچوونی هۆش لە ناو ئاستەكانی پەروەردە و چینە كۆمەڵایەتییەكان و شار و لادێیەكانی پارێزگا جیاجیاكان و ناوچەكانیشدا پێشكەش دەكات. ئەمە دەسكەوتێكی گەورەیە چونكە هەروەكو وەزیری تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان د. عەبدول ڕەحمان یونس وتی " بەڕاستی گونجاندنی چاودێریی تەندروستی هۆش كارێكی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەت بە بە كەرتە جۆراوجۆرەكانی دانیشتوان بكات. رووپێوەكە لە دەستیشانكردنی ئەم جیاوازییانە سەركەوتوو بوو."

د. ئەلقەسیر سەركەوتنی ئەم رووپێوەی بۆ چەند هۆكارێك گەڕاندەوە لەوانە:(١) تێگەیشتنی باش لەسەر دۆخی تەندروستی هۆش لە عیراقدا و (٢) هەبوونی توانا لەسەر دارشتنی بەرنامەكە بۆ چەند كۆمەڵەیەكی جۆراوجۆر و (٣) گواستنەوەی زانیاریی و شارەزاییەكان بۆ ئەو شارەزایانەی بواری تەندروستی كە بە كردەنی ئەم رووپێوە نیشتمانییە لە عیراقدا ئەنجام دەدەن.

بەهەرحاڵ، ئەو دیاردەیەی كە دەبێتە ڕێگر لەبەر دەم تاوتوێكردنی چەند رووبەرووبوونەوەیەك كە لە لایەن رووپێوەكەوە دەستنیشان كرابوون بریتی یە لە ژمارەی كاركەرانی بواری كۆمەڵایەتی و پزیشكەكانی نەخۆشییەكانی هۆش لە عیراقدا. بۆ نموونە، سەرۆكی بەشی نەخۆشییەكانی هۆش لە زانكۆی ئەردەن پرۆفیسۆر د.عەبدولمەناف ئەلجادری ئەوەی دووپاتكردەوە كە راپۆرتەكەی رووپێوەكەی ٢٠٠٦ مەزەندەی ئەوە دەكات كە " ١٣٦ پزیشك و ٢٢٤ پەرستیاری بواری نەخۆشی هۆش و ٤٦ كاركەری كۆمەڵایەتی و ٣١ دەروونزان" هەبن. لەساڵی ٢٠٠٦یشەوە ئەو پرۆفیسۆرە لەو باوەڕەدایە كە كارمەندانی بواری تەندروستی هۆش بە ڕێژەی ٤٠٪ زیادیان كردووە (كۆی كاركەرانی بواری تەندروستی دەگاتە ٦١٢ كەس). هەروەها د.ئەلقەسیر جەختی لەسەر ئەوەش كردەوە كە ڕێژەی ٤٠٪ ڕێژەیەكی زۆر بەرزە بۆیە ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی پێشنیاری ئەوە دەكات كە ژمارەی شارەزایانی تەندروستی و ئەوانەی هەڵدەستن بە پێشكەشكردنی خزمەتی تەندروستیش لە وڵاتدا هەڵبسەنگێندرێن.

بەهەرحاڵ، بۆ وڵاتێكی ٢٧ ملیۆنی ئەو ژمارەیەی كارمەندانی بواری تەندروستی پێدەچێ بەس نەبێ بۆ دابینكردنی خزمەتەكانی تەواوی دانیشتوان. بۆ نموونە، رووپێوەكە دەستنیشانی ئەوەی كردووە كە ١٦.٥٪ رووبەرووی نەخۆشی هۆشی بوونەتەوە كە ئەمەش مانای ئەوەیە ملیۆنان خەڵك پێویستیان بە چاودێری تەندروستی هۆشی هەیە.

بە شێوەیەكی روونتر، رووبەروونەوەمان لە پێشە لەگەڵ پێویستبوون بە كارێكی زۆر لە پێناو چاككردنی ژێرخانی لەرزۆكی وڵات بەتایبەت لە كاتێكدا كە سەرچاوەكان زۆر كەمن و حكومەتی عیراقیش بودجەكەی زۆر كەمكردۆتەوە. رووبەرووبوونەوەكان بریتین لە پێشكەشكردنی چاودێریی تەندروستی بواری هۆش بۆ منداڵە تازەپێگەیشتووەكان بۆ ئەوەی ڕێگە لە نەخۆشییان بگیرێت لە ناو گەنجاندا تەشەنە بكەن و هەروەها بۆ ئەوەش كە نیشانە لەمێژینەكانی ئەو نەخۆشییە هۆشییانەی لە زۆر كومەڵگادا بڵاوبوونەتەوە تاوتوێ بكەین. رووبەرووبوونەوەیەكی تر بریتیە لە دیاردەی كۆچكردنی شارەزایان كە دەرئەنجامێكی خراپی كردە سەر وڵات بۆیە پێویستە ئەو شارەزایانەی كۆچیان كردوە و لە دەرەو دەژیەن وا لێبكرێن كە بگەڕێنەو وڵات.

سەرەڕای ئاشكرابوونی هەموو ئەمانە لە وڵاتەكەیان هێشتاش عیراقییەكان بە بڕیاری لەسەرقاچوەستان بەرەو پێش هەنگاو دەنێن و ئەمەش پێویستە بۆ مانەوەی خەڵكێك كە خۆیان بارودۆخ و رووداوی پڕكارەساتیان بینیوە. ■

- "رووپێوی تەندروستی هوشەكی (٢٠٠٦/٧)" لەسەر ٤٣٢٢ عیراقی پشت ١٨ساڵەوە لە پارێزگا و كەرتە كۆمەڵایەتییە جیاجیاكانی وڵات ئەنجامدرا و
- رووپێوەكە ئەوەشی دەرخست كە لە كۆی ١٦.٥٪ی ئەوانەی تووشی نەخۆشی هۆش بوون تەنها ٢.٢٪یان چاودێری تەندروستییان وەرگرتووە و
- ڕێژەی خەمۆكی و تێكچوونی هەڵسوكەوت لە ژنان بەرزترە وەك لە پیاوان و
- بەڵام ڕێژەی خراپبەكارهێنانی گیراوەكان لە ناو پیاوان بەرزترە و
- ڕێژەی تێكچوونی دوای ناخۆشی ٣.٦٪ بوو واتە كەمتر لەوەی پێشبینی دەكرا بۆ وڵاتێكی بەشەڕ كاولبوو و
- بە گوێرەی راپۆرتی رووپێوەكەی ٢٠٠٦، ١٣٦ پزیشك و ٢٢٤ پەرستیاری بواری نەخۆشی هۆش و ٤٦ كاركەری كۆمەڵایەتی و ٣١ دەروونزان بۆ ٢٧ ملیۆن كەس هەن .

# چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی تیمی بەڕێوەبردن لە UNDPی عیراق خاتوو سیلڤیا فلێچەر

## *ڕووبەڕوونەوەی گەندەڵی لە عیراق*



"سەرۆکی تیمی بەڕێوەبردن" خاتوو سیلڤیا فلێچەر (ڕێکخراوی UNDP ی عیراق )

**سازدانی : ڕەندە جەمال**

**بۆ ڕێکخراوی UNDP بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژێردرا؟**

بە هۆی گرنگی لە بەرپرسیارێتی و لێهاتووی لە حکومەتدا ، ڕووبەڕوونەوەی گەندەڵی بۆتە بوراێکی سەرەکی لە بەرنامەی یارمەتی گەشەپێدانی ڕێکخراوەکەمان. لە هەر ٣ چوارچێوە دیکۆمێنتەکانی حکومەتی عیراق کە بریتین لە: " ستراتیژی گەشەپێدانی نیشتمانی" و "ڕێکەتنامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ عیراق" و "ستراتیژی ئاسایشی نیشتمان"یدا دژایەتیکردنی گەندەڵی وەك بابەتێكی ستراتیژی هەژمار کراوە.

حکومەتی عیراق ڕێکەوتنامەی دژە گەندەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە نیسانی ٢٠٠٨ ئیمزا کردووە و "نووسینگەی UNDP و نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەبارەت بە ماددەی هۆشبەر و تاوان" بەرنامەیەکی ٥ساڵیان بەدەستەوەیە بۆ یارمەتی لەسەر بنەمای پابەندبوون بە ڕێککەوتنامەی دژە گەندەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان. دوابەدوایەکداهاتنی خێرای ڕووداوەکان لە عیراق دەستیشانی هەوڵەکانی کردووە لە بەشداریکردنی لە دژە گەندەڵیی هەرێمی و جیهانی بەگرتنەخۆی بەشداریکردنی عیراق لەگەڵ "کۆمەڵەی کارکردنی لەسەر چاودێریکردنی ڕێکەوتنامەی دژە گەندەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨ و بەشداریکردنی لە سەکۆیکارە هەرێمییەکان سەبارەت بە ڕاگەیەنەرانی گەندەڵی و پاراستنی گەواهیدەرەکان و داوای چوونە ناو "دەستپێشخەری بەدەستهێنانەوەی کەلوپەلە بەنرخە دزراوەکان" و ئامادەکارییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی گشتگری دژەگەندەڵی و ئەنجامدانی ڕووپێوی پەیوندار لەسەر هەستکردن بە گەندەڵی.

**هاوبەشکارانتان کێن لە حکومەتی عیراق و کۆمەڵگاکانی مەدەنی ؟**

هاوبەشکارە سەرەکییەکانمان بریتین لە "ئەنجومەنی هاوبەشی دژە گەندەڵی" و " دەستەی پشکنینی باڵا " و "کۆمیسیۆنی دەستپاکی" و "پشکنەران" و "لێژنەی دەستپاکی لە ئەنجومەنی نوێنەران."

**ئەو شێوازانە چین کە ئێوە دەیگرنە بەر بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیری دژە گەندەڵی و هوشیاری گشتی بە گرتنەخۆیپ دروستکردنی تواناکان و باوەڕبوونیش بەوەی کە چاکسازی زیاتر لە ناوەوە دەکرێت تا لە دەرەوە؟**

هەردوو ڕێکخراوی (UNDP) و "نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوان و ماددە هۆشبەرەکان" (UNODC) یارمەتی تەکنیکییان پێشکەش بە قەوارە تایبەتمەندەکانی دژە گەندەڵیی عیراقی کردووە بۆ پێداچوونەوەی چوارچێوەی یاسایی و ئەو پڕۆسانەی ئێستا هەیانە بۆ تازەکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە "دەستەی پشکنینی باڵای " و "لێژنەی دەستپاکی " و "پشکنەران" هەڵدەسوڕێنێ. ڕێکخراوی UNDP یارمەتییەکی زۆری پێشکەش بە " دەستەی پشکنینی باڵا " کردووە لەبەر توانای گەشەپێدان و پەیوەندی لە نێوان کارە لەبیرچووەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و" دەستەی پشکنینی باڵا"دا. وەك دامەزراوێکی لەمێژینەی خاوەن ڕێز لە عیراقدا،وا لە" دەستەی پشکنینی باڵا"ی تەمەن ١٨ ساڵە پێشبینی دەکرێت کە دەورێکی گرنگ ببینێ لە بەرگریکردن لە گەندەڵی لە حکومەتی ناوخۆیی لە کاتێکدا پڕۆسەکەی حکومەتی عیراق لە ناناوەندکردنی پێشکەشکردنی خزمەتەکان لەسەر ئاستی حکومەت جێبەجێ دەکرێت. یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ هەموو قەوارەکانی دژە گەندەڵی لە ئارادایە لەبەر ئەو دەورەی هەیانە لە گەشەپێدانی بەرپرسیارێتی و دەستپاکی لەسەر ئاستەکانی هەرێمیی و نیشتمانی و حکومی. ئێمە پشتگیریش لە بەشداریکردنی کۆمەڵەکانی هاوڵاتیان دەکەین لە پەرەدان بە ڕۆشنبیری بەرپرسیاریەتی و دەستپاکی لە کاتێکدا جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانە بەرەو پێش دەچێت. وا لە ستراتیژی دژە گەندەڵی نیشتمانی پێشبینی دەکرێت کە ببێتە هەوڵێکی گشتگر کە هەموو عیراقییەکان لەخۆ بگرێت، چ ئەوانەی لە حکومەتن و چ ئەوانەش لە کەرتی تایبەتن بە تێکڕای کۆمەڵگاکانی مەدەنیشەوە.

**دەتوانی کورتەیەکمان بۆ باس بکەیت لەسەر پاشخانی خۆت و ئەو هۆکارانەی پاڵیان پێوەنای کە بێیتە عیراق و لە دژە گەندەڵی کار بکەیت؟**

ڕێکخراوی UNDPبەختەوەرە کە لەگەڵ "دژە گەندەڵیی نەتەوە یەکگرتووەکان" و "نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوان و ماددە هۆشبەرەکان " UNODCپەرەی بە بەرنامەی دژە گەندەڵی داوە. ڕێکخراوی UNDP شارەزایی و ئەزموونی هەیە لە فەرمانڕەواییکردن و بەڕێوەبردنی گشتی و "نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوان و ماددە هۆشبەرەکان"یش شارەزایی خۆی پێشکەش دەکات لە جێبەجێکردنی یاسا و بەرگریکردن لە ساختەکاری. ئێمە تیمێکمان هەیە کە پێکهاتووە لە پارێزەران و نوێنەرانی گشتیی پێشوو و "ژمێریارانی گشتیی باوەڕپێکراو" و ئابووریناسان و ئامارزانان و زانایانی بواری ڕامیاری. سەبارەت بە منیش ،من ئابووریناس زانای بواری ڕامیاریم و لەگەڵ ڕێکخراوی UNDPلە ساڵی ٢٠٠٢وەوە لە سیرالیۆن و سۆمال و ئێستاش لە عیراق کار دەکەم. پێش ئەوەش، من لە بواری مرۆیی و یارمەتی ڕاگوزاری لە گەڵ ڕێکخراوی USAIDلە ئەفریقا کارم کردووە و پێشتریش لەگەڵ حکومەتی کۆستاریکا وەك ئابووریناسێك بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە کەرتی تایبەت کارم کردبوو.■

# یاریدەدەری سکرتێری گشتی خاتوو کاثرین براگ سەردانی عیراق دەکات



یاریدەدەری سکرتێری گشتی کاثرین براگ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

**نوسینی:ئێلی سمێت و سەباح عەبدولرەحمان**

یاریدە دە ری سکرتێری گشتیی نە تە وە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی و جێگری ڕێکخە ری فریاگوزاریی تە نگاوی خاتوو کاثرین براگ لە ٧ تا ١٢ی شوباتی ٢٠٠٩دا سەردانێکی ٥ ڕۆژیی بۆ عیراق و ئەردەن ئە نجامدا. ئامانجی سە رەکیی سە ردانە کە ی خاتوو براگ ئە وە بوو بە چاوی خۆی کەشوهەوای کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکارانی و بەتایبەتیش نوسینگەی هە ماهە نگیی کاروباری مرۆیی (OCHA) ببینێت. سە ردانە کە ی بۆنە یە کیش بوو بۆ

کارکردن لەسەر بەگەڕخستنی چالاکییەکانی (OCHA) لە ناوەوەی عیراقدا.

لەو سەردانەیدا، یاریدەدەری سکرتێری گشتی چاوی کەوت بەو ڕێکخراوە ناحکومییە مرۆییە عیراقی و نێودەوڵەتی و کۆمەکبەخشانەی لە عیراقدا کار دەکەن و سوپاسیشی کردن بۆ پشتگیریکردنیان لە هەوڵە مرۆیی و ئاوەدانکارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق. خاتوو براگ هەروەها چاوی بە بەرپرسانی ئەمریکیش کەوت و جەختی کردە سەر پێویستیی فراوانترکردنی بواری بەردەوام کاری مرۆیی لە عیراقدا بۆ ئەوەی دامەزراوە مەدەنییەکان بتوانن یارمەتی بگەیەننە ئەوانەی پێویستیانە.

لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، یاریدەدەری سکرتێری گشتی هانی دان بەردەوام بن لە بەشداریکردن لە گەیاندنی فریاگوزارییەکان لە عیراقدا و وتی: " ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان دەورێکی کاریگەر دەبینن لە گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ دانیشتووانی لێقەوماو لە عیراقدا چ وەك پرۆژەی سەربەخۆ و چ وەك هاوبەشی جێبەجێکاری پرۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان."

خاتوو براگ هەروەها تیشکیشی خستە سەر سندوقی بەدەنگەوەهاتنی مرۆیی فراوانکراو کە دەرفەتێکە بۆ پارەدارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییە عیراقی و نێودەوڵەتییەکان. ئەو سندوقە، کە بەم دواییە کۆمەکێکی ١٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پێبەخشراوە، تەواوکردنی هەوڵە مرۆییەکانی ترە بۆ فەراهەمکردنی خێرا و ئاسانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆییانەی بەپەلە. خاتوو براگ هەروەها ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هاندا سوودی تەواو لەو میکانیزمی پارەدارکردنە وەربگرن.

یاریدەدەری سکرتێری گشتی لە بەغدا کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عیراقی ، بە وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی ئاوارە و کۆچبەرانیشەوە، سازدا. لە هەولێریش لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و ڕێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبووەوە بۆ باسکردنی ڕەوشی مرۆیی، بە ڕەوشی ئاوارەی ناوخۆ و دەستگیرکراوان و کاریگەرییەکانی وشکەساڵی لە هەرێمەکەشەوە.

"لەسایەی زیادبوونی سەقامگیریی ڕێژەیی لە ناوەڕاست و باشووری عیراقدا ژمارەی ئاوارەی ناوخۆ لە هەرێمدا بەرەو کەمبوونەوە بووە بەڵام هێشتا دابەشکردنی یارمەتی پێویستە،" سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە خاتوو براگی ڕاگەیاند و وتیشی: "وەزیری ئاوارە و کۆچبەرانی حکومەتی عیراق لەو بارەیەوە چالاك و هاوکار بووە."

ڕەوشی دەستگیرکراوان و وزیندانییان تەوەری بابەتێکی تری گفتوگۆی خاتوو براگ بوو لەگەڵ سەرۆك وەزیران بارزانی کە ئاماژەی بۆ "دەسکەوتی بەرچاو لەو بوارەدا" کرد و دووپاتیشی کردەوە کە بەرەنگاریی سەرەکی بریتی بوو لە ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستەمی دادوەری و تواناسازیدا. هەروەها بە خاتوو براگی وت: "بۆ ئەم بوارە ئێمە کار لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا دەکەین و پێمانخۆشە نەتەوە یەکگرتووەکانیش یارمەتیی تەکنیکیمان پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە بە پارەی حکومەتی هەرێم بەجێبگەیەنین."

لە وێستگەی عەممانی گەشتەکەیدا خاتوو براگ چاوی بە وەزیری دەرەوەی ئەردەنی کەوت و ئەو دەرفەتەشی بۆ سوپاسکردنی حکومەتی ئەردەن قۆستەوە بۆ میواندارێکردنی ئەو ئاژانسانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە عیراقدا کاردەکەن، هەروەها بەرامبەر پشتگیریی و میواندارێکردنی بەردەوامیش بۆ پەنابەرانی عیراقی.■



یاریدەدەری سکرتێری گشتی لە هەولێر لەگەڵ ژمارەیەك ڕێکخراوی ناحکومی کۆدەبێتەوە

# نمایشی بەخشینی میداڵ بە کەتیبەی پیادەی یەکەمی فیجی



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی دەیڤید شێرەر لەگەڵ کەتیبەی پیادەی یەکەمی فیجی

هەر ٢٢٣ ئەندامەکەی بەتالیۆنی یەکەمی کەتیبەی پیادەی فیجی (یەکەی نۆیەمی پاسەوانانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNGU 9) لە ٢٦ی ئاداری ٢٠٠٩دا میداڵی خزمەتی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پێبەخشرا بەرامبەر دڵسۆزی و پابەندی و وەفاداری و خزمەتی پیشەگەرانەیان بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی دەیڤید شێرەر لەو وتارەیدا کە ئاراستەی بەتالیۆنەکەی کرد وتی: "بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارەدۆخەی بووە مایەی دامەزراندنی یونامی لە ساڵی ٢٠٠٤دا، یەکەی پاسەوانانی نەتەوە یەکگرتووەکان و فیجی شایستەی ئەو پێزانینەن لەبەرامبەر ئەو پیشەگەری و کەرامەتەی بەردەوام نیشانی دەدەن، کە ڕەنگدانەوەی باشترین ڕەفتارەکانی هێزە سەربازییەکانی کۆماری فیجین و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی سەربازانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشن."

مەدالیای خزمەتی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٥دا دامەزراوە بۆ ڕێزگرتن لە سەربازان و پۆلیسی مەدەنی لەبەرامبەر خزمەتکردنی نەتەوە



دیمەنێکی بەتالیۆنی کەتیبەی پیادەی یەکەمی فیجی

یەکگرتووەکان لەپێناو ئاشتی بۆ ماوەی لای کەمی ٩٠ رۆژ.

بەتالیۆنی یەکەمی کەتیبەی پیادەی فیجی لە ساڵی ١٩٧٨ەوە بەشداری دەکات لە نێردەکانی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەندەران. لە ٢٠٠٢دا بەتالیۆنەکە لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوبنان (UNIFIL) کێشرایەوە و پێکهاتەیەکی وەك بەشێکی نێردەی هەرێمایەتیی هاوکاری لە دورگەکانی سۆلۆمۆن بڵاوکرایەوە، پێکهاتەکەی تریشی لە ٢٠٠٤دا ساز دراو لە عێراق (یونامی) وەك یەکەی پاسەوانانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاو کرایەوە.

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی دەیڤید شێرەر سەرۆکایەتیی رێورەسمەکەی کرد و کارمەندانی یونامی و نوێنەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەغداش ئامادەی بوون.

رێورەسمەکە بە مارشی نمایش دەستپێکرد، پاشان مێژووی بەتالیۆنی یەك و وتاری سەرۆکی دیوانی یونامی بەرێز سیدهارث چاترجی خوێندرانەوە. دوای ئەوش مەدالیا پێشکەشکران و مارشی تێپەڕبوون و مارشی پێداچوونەوەی نیزامی نمایش کران و دوای ئەوەش بەرێز شێرەر وتاری کۆتایی خوێندەوە و مارشی کۆتایی نمایش کرا. دواتر هەموو میوانەکان بۆ چالاکییەکانی سەربازانی یەکەی پاسەوانانی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگێشت کران بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش وخواردنی بەتامی فیجی لەگەڵ سەما و گۆرانی و مۆسیقا. ■

# کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاهەنگی نەورۆز لە بارەگای هەولێری یونامی دەگێرن

**نوسینی:سەباح عەبدولرەحمان**

بۆ سێیەم ساڵ لەسەر یەك، کارمەندانی نیشتیمانیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاهەنگی نەورۆزیان لەناو بارەگاکەیان بە کردنەوەی ئاگر و شایی و مۆسیقا و جلوبەرگی میللییەوە کردەوە.

نەورۆز، کە مانای رۆژی نوێیە، ئاهەنگێکی تەقلیدییە کە لە ٢١ی ئاداردا سەرەتای ساڵی نوێی هەتاوی و گۆرانی کەش لە زستانەوە بۆ بەهار دیار دەکات. نەورۆز لە سەرتاسەری ناوچەکەوە لەلایەن زۆر میللەتانەوە ئاهەنگی بۆ دەگێردرێیت. بەپێی ئەفسانەگەلێکی دێرین، زۆردارێک کە ناوی زوحاك بووە نەخۆشییەکی هەبووە کە ببووە مایەی دەرکەوتنی دوو مار لەسەر شانەکانی. بۆ دامرکاندنی ئازاری ئەو و زۆرداره و هێورکردنەوەی مارەکان، نۆژدارەکانی بڕیاریان دابوو رۆژانە مێشکی دوو لاو وەك هەتوان لەو برینانە بدرێن.

ئەو رەوشە وا بەردەوام بوو تا کاوەی ئاسنگەر، کە ئیتر لە توانایدا نەمابوو بەرگەی تووڕەیی و ناسۆری لە دە ستدانی کورە کانی بگرێت، رابەرایەتی شۆڕشێکی کرد و لەیەکەم رۆژی بەهاردا ئەو زۆردارەی لەناو برد. ئێوارەی رۆژی پێشتر ئاگر لە سە ر لوتکە ی چیاکان کرابوونەوە وەك هێمای راگەیاندنی دەستپێکی شۆڕش. ئیتر لەو کاتەوە ئاگر کردنەوە لە ئێوارەی پێش نەورۆز بووە بە عادەت و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. ، لەراستیدا ، نەورۆز لەو ساڵانەی دواییدا بۆ کوردان هەندێك مانای تریشی لە خۆ گرتووە.

کارمە ندانی بیانیی نە تە وە یە کگرتووە کان لە



کارمەندانی نیشتیمانیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاهەنگی نەورۆز لەناو بارەگاکەیان دەگێڕن



بەرپرسی نوسینگەی هەولێری یونامی مارك رەتگەرز و پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی و کارمەندێکی نیشتیمانیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگری نەورۆز هەڵدەکەن

هەموو ئاژانسەکانەوە لەتەك هاوکارانی نیشتیمانی چوونە ئەو ئێوارە ئاهەنگەوە و بۆ چەند کاتژمێرێکیش چێژیان لە شایی و مۆسیقای کوردی وەرگرت. پارێزگاری هە ولێر و جێگرەکانی لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی نێوخۆیی و ئەو کەتیبە سەربازییە فیجییەی کە ئەرکی پاراستنی هەردوو ئەلقەی دەرەوە و ناوەوەی بارەگاکەیان لە ئەستودایە بانگێشتی کارمەندانیان پەسند کرد و ئەوانیش بەشداری خۆشییەکەیان کرد. ئاگری نە ورۆز بە هاوبە شی لە لایە ن بەڕێوەبەری نوسینگە ی یونامی بەرێز مارك رەتگەرز و پارێزگاری هەولێر بەرێز نەوزاد هادی و کارمە ندێکی نیشتیمانیی نە تە وە یەکرتووەکانەوە هەڵکرا. پاشان کورتەیەك بە زمانی ئینگلیزی لە سە ر پاشخانی مێژوویی و کلتوریی نە رۆز پێشکە شی ئامادە بووان کرا. سە ربازانی فیجیش بۆ رێزگرتن لە نە ورۆز نمایشی سەمای تەقلیدیی خۆیان (راودێ)یان کرد. ئاهەنگەکە چەند سەعاتێکی خایاند.

لێژنە یە کی سێ کە سیی کارمە ندانی نیشتیمانیی یونامیش بە یارمەتیی لێژنەی خۆشگوزەرانی هە ماهە نگیی هە موو ئامادە کارییە کانی ئاهەنگەکەیان لەئەستۆ گرتبوو. ■

# چالاكییەكانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراقدا
# ئاداری ٢٠٠٩

- تیمی ئەنجامەكانی كەرتی **پەروەردە** لە رێگەی یۆنسكۆ و یونیسێفەوە میوانداریی كۆبوونەوەیەكی كرد بۆ زیاتر پەرەپێدانی **ستراتیژی پەروەردەی نیشتیمانیی عیراقی.**
- یونیسێف و یۆنسكۆ سەكۆیكارێكیان سازكرد سەبارەت بە باشكردنی كەشی فێركردن لە ناوچە لێقەوماوەكانی عیراقدا. وەزارەتی پەروەردە و بەرپرسانی تری عیراقی تێیدا ئامادەبوون.
- تیمی ئەنجامەكانی كەرتی **فەرمانڕەوایی** لەڕێگەی UNDP و نوسینگەی مافەكانی مرۆڤی سەر بە یونامییەوە لە هەولێر دوو كۆرسی لەسەر یاسای نێودەوڵەتیی تاوانكاری و مرۆیی و مافەكانی مرۆڤ پێشكەشی هەردوو وەزارەتی اوخۆ و بەرگریی عیراقی كرد.
- تیمی ئەنجامەكانی كەرتی **ئاو و پاكژی** لەڕێگەی رێكخراوی تەندروستیی جیهانییەوە خولێكی راهێنانی بۆ كارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئاو و تەندروستی و ژینگەی لەسەر پشكنینی پاكژی و سەرچاوەكانی ئاو كردەوە.
- **بەرنامەی خۆراك و كشتوكاڵ** بە هاوكاریی حكومەتی عیراق سەكۆیكارێكی رێكخست سەبارەت بە ژیاندنەوەی زۆنگاوەكانی عیراق. ئەم دەستپێشخەرییە هاوبەشەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ زۆنگاوەكان پشتگیریی حكومەت دەكات بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی زیاتر و باشتكردنی خزەتگوزارییەكان و دروستكردنی دامەزراوەی حكومی لەو ناوچە لێقەوماوە.
- تیمی ئەنجامەكانی كەرتی **پاراستـــن** لەڕێگەی سندوقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ دانیشتووانەوە چالاكیی پشتگیریكردنی لە ٣ پارێزگای عیراقی ئەنجامدا بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئافرەتان كە تێیاندا وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە عیراقییەكان ئامادەی نیشاندانی فیلمێكی بەڵگەنامەیی بوون لەسەر رەوشی ئافرەتانی عیراقی.
- **تیمی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ وڵاتی عیراق** لێدوانێكی رۆژنامەوانیی هاوبەشی دا لەسەر رۆژی جیهانیی ئافرەتان لە ٨ی ئاداردا تێیدا بانگەوازی بۆ نوێكردنەوەی پابەندیی بۆ بەرز راگرتنی مافەكانی لە عیراقدا كرد.
- یەكەمین **رووپێوی تەندروستیی ژێریی عیراق** لە بەغداد دەستی پێكرد. ئەو رووپێوە لەلایەن وەزارەتەكانی تەندروستی و پلاندانانی عیراق و رێكخراوی تەندروستیی جیهانییەوە ئەنجام درابوو.
- بۆ بەهێزكردنی تیمی ئەنجامەكانی كەرتی **نیشتەجێكردن و پەنادان،** UN-Habitat كۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی ئەنجامدا بۆ پێداچوونەوەی رەشنوسی بەڵگەنامەی بەرنامەی نیشتیمانیی UN-Habitat بۆ ساڵانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١١ و بۆ سەرلیستكردنی كارەكان و شوێنەكانی كار تێداكردن بە هاوكاری و راوێژكردن لەگەڵ حكومەت.
- كەرتی **تەندروستی و خۆراكپێدان** لە رێگەی رێكخراوی تەندروستیی جیهانییەوە پشتگیری سەكۆیكارێكی كرد لەسەر تواناسازی بۆ پابەندبوون بە رێككارییە تەندروستییە جیهانییەكان. سەكۆیكارەكە پێداچوونەوەی بۆ رێككارییە تەندروستییە عیراقییەكانی ئێستادا كرد و هێڵە گشتییەكانی پرۆسەیەكیشی كێشا بۆ تەریب كردنیان لەگەڵ پێوەرە جیهانییەكان.
- **تیمی ئەنجامەكانی كەرتی خۆراك،** لە رێگەی رێكخراوی خۆراكی جیهانییەوە لەگەڵ وەزارەتە هاوتا هاوبەشكارەكانی كۆبوونەوەیەكیان لە بەغدا سازكرد و تێیدا لەسەر ئەوە رێككەوتن كە چالاكییەكانی فریاگوزاریی ئێستای رێكخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ ئاوارە ناوخۆییەكان تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ درێژ بكرێتەوە و كۆمەڵەی تریش بگرێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتییەكان زۆرترین كەسانی لانەواز بگرنەوە.
- تیمی زانیاری و شیكردنەوە زنجیرەی دووەمی پرۆفایلی پارێزگا عیراقییەكانی بۆ دیـالا و كوركوك و موثەنــا دەركرد. پرۆفایلی پارێزگاكان زانیاریی كۆمەڵایەتی-ئابووری و نەخشــە و راستی و ژمارەی لەسەر هەژاری و بێكاری و تەندروستی و پەروەردەیان تێدایە. هەموو پرۆفابلەكان لەگەڵ بەرهەمی تری زانیاری لە ماڵپەڕی www.iauiraq.org دەستدەكەون.
- (*) ئەم زانیارییانە بەشی مرۆیی و ئاوەدانكردنەوە و پەرەپێدانی سەر بە یـونــامــی ئامادەی كردوون.

هەواڵنامەی (یونامی)

هەواڵنامەیەكە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی ) دەریدەكات

بابەتەكانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەكگرتووەكان بێت

بۆ زانیاری زیاتر تكایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلكترۆنییە ی خوارەوە بكەن:

**Unami-information@un.org**

یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بكەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:

**2644 - +962 6 5504700**

*jamalr@un.org*

پێگەی ئەلكترۆنی: www.uniraq.org